



## یاریزان مریەم عەبدولحەمید:

# لەسەر ئاستی عێراق لە بازی بەرزدا ژمارەی پێوانەییم شکاندووە

مریەم یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی یاریی گۆڕەپان و مەیدانە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، ماوەی چەند ساڵێکە لە ریزی تیپی گۆڕەپان ومەیدانی یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی پەروەردەی هەولێرو هەڵبژاردەی عێراق خەریکی وەرزش کردنە و لە ماوەی ڕابردووشدا چەندین ئەنجامی شایستەی بەدەست هێناوە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق لە یارییەکانی بازی بەرز و یەك باز، یاریزانی ناوبراو لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراقیش چەندین ئەنجامی بەرچاوی تۆمارکردووە لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە، ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ٢٠٠٠ی شاری هەولێرە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد.

***چۆن بوو یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدانت هەڵبژارد؟**

- خولیایەکی زۆرم هەبوو بۆ یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان، هەر بۆیە بە هۆی ئەو حەزەی خۆم توانیم لەم یارییە سەرکەوتووبم و خۆمی لێ بدۆزمەوە.

*** ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان بە گشتی چۆن دەبینی لە کوردستان ؟**

- لە ئێستادا ئاستی ئەم یارییە پێشڤەچوونێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە لە گشت روویەکەوە، یانەکانی کوردستانیش خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانان لەسەر ئاستی عێراق ئەنجامەکانیشیان زۆر بەرچاوە، بوونی یاریگای شیاویش لە شارەکانی کوردستان هۆکارن بۆ پێشکەوتنی ئەم یارییە لە کوردستان.


***ئەی ئاستی ئەم یارییە لە پایتەختی کوردستان ؟**


- لە هەولێر ئێمە تاکە یانەین کەوا ژمارەیەکی زۆر لە یاریزانانمان هەیە و توانایەکی باشمان هەیە کە دەستەی ڕاهێنەرانمان دەتوانن چەندین یاریزانی ئاست بەرز دروست بکەن، ئەمەش دەبێتە هۆکار کەوا ئاستی ئەم یارییە لە شاری هەولێر بەرەوو پێش چوونی بەخۆیەوە بینیوە.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان ؟**

- ئەگەر ئێمە بمانەوێ ئاستی ئەم یارییە بەرز بکەینەوە بە شێوەیەکی باش پێش هەموو شتێك دەبێت پاڵەوانێتیی زیاتر بکرێتەوە لە شارەکانی کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت گرنگی بە کردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بدرێت، لە پاڵ ئەمانەی باسمان کرد کردنەوەی یاریگای باش و مۆدێرن بۆ ئەوەی بتوانین یاریزان و تیپی باش دروست بکەین، هاندانی وەرزشکاران بۆ زیاتر هاتنیان بۆ ناو وەرزش ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ بەرز بوونەوەی ئاستی یارییەکە.

*** ئەنجامەکانت وەکو یاریزان ؟**








دیمانە: کارزان کانەبی

- خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەم لەگەڵ یانەی هەولێر لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق لە یارییەکانی بازی بەرز و یەك باز، لە بازی بەرزیش ژمارەی پێوانەییم شکاند لەسەرئاستی عێراق.

***کێشەو گرفتتان چییە لەم یارییە وەکو یاریزان لە یانەی هەولێر؟**

- زۆر سوپاسی دەستەی کارگێڕیی یانەکەمان دەکەم کەوا نەیهێشتووە هیچ کات کێشەو گرفتمان هەیە هەبێت، بەهیوای ئەوەشین زیاتر گرنگی بە یاریزانان بدرێت.

***خانەوادەکەن رێگریت لێ ناکەن لە وەرزش کردنت ؟**

- بە پێچەوانەوە بە هەموو شێوەیەك خانەوادەکەمان پاڵپشتی منن بۆ ئەوەی بەردەوام بم لە وەرزش کردن، ئەوان هۆکاری سەرەکین بۆ بەردەوام بوونی ئێمە وەکو یاریزان لە یارییەکان و بەدەست هێنانی ژمارەی پێوانەیی تازە.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك ؟**

- بەهیوای ئەوەم زیاتر گرنگی بەتواناکانی خۆم بدەم وەکو یاریزان، بتوانم ژمارەیەکی پێوانەیی لەسەر ئاستی جیهانی یان وڵاتانی عەرەبی بە ناوی خۆم بشکێنم.

***وەرزش کردن رێگریت لێ ناکات لە خوێندنت؟**

- نەخێر هیچ کات نەبۆتە بەربەست لە خوێندنم، چونکە من کارەکانی خۆم دابەشکردووە بۆ وەرزش و خوێندن.

***هیچ یانەیەك داوای لێ کردوویت یاری بۆبکەیت؟**

- تاکو ئێستا نەبووە.

***یانەی هەولێر هاوکاریتان دەکەن ؟**

- زۆریش هاوکاریمان دەکات ئەوان هۆکارن بۆ بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستە لەپاڵەوانیتییەکان.

***ئەگەر لە کۆتایدا شتێکت مابێت.؟**

- سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم بەهیوای ئەوەم زیاتر گرنگی بە کچانی وەرزشکار بدەن بۆ زیاتر بەرەو پێشچوونیان.

# چەند ئامار و نهێنیی جامی جیهانی ٢٠١٤ی بەرازیل

هەفتەی رابردوو لە وڵاتی بەرازیل یارییەکانی جامی جیهانی ٢٠١٤ تەواو بوو، کە ئەڵمانیا توانی بۆ جاری چوارەم نازناوی ئەم پاڵەوانێتیە بە دەستبهێنێت دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی بە ئەنجامی (١-٠) گۆڵ لە هەڵبژاردەی ئەرژەنتینی بردەوە و هەروەها هەڵبژاردەی هۆڵەندەش پلەی سێیەمی بە دەستهێنا دوای ئەوەی بە ئەنجامی (٣-٠) گۆڵ لە هەڵبژاردەی بەرازیل-ی بردەوە، بە پێویستمان زانی راپۆرتێکی تەواو لەسەر پاڵەوانێتیەکە لە رۆی ئامار و نهێنیەکانی ئەم پاڵەوانێتیە ئامادە بکەین.



راپۆرت: رێبین رەمزی

## ١٠ ڕووداو تەنیا لە مۆندیالی ٢٠١٤ ڕوویدا

لە چاو گشت پاڵەوانێتیەکانی ڕابردوو، کە حالەت تەنیا لە جامی جیهانی ٢٠١٤ ڕوویدا و جیاواز بوو لە پاڵەوانێتیەکانی ڕابردوو هەندێکیان شتی نوێبوون و هەندێکی تریش تایبەت بوون بە ئامار، ئەمەش ١٠ حاڵەتەکەیە.

١- هەڵبـــژاردەی ئەڵمانیا بووە یەکەم هەڵبـــژاردەی ئەوروپی جامی جیهانی لە کیشوورەی ئەمریکای باشوور بە دەستبهێنێت.

٢- بەرازیـــل یەکەم هەڵبژاردەیە لە مێـــژووی پاڵەوانێتیەکە لە نێو خاکی خۆی لە یاری پێش کۆتایی بە ئەنجامی (٧-١) گۆڵ دەدۆڕێت.

٣- بەرازیل یەکەم هەڵبژاردەی لە مێژووی جامی جیهانی لە نێو خاکی خۆی لە دوو یاری پێش کۆتایی ١٠ گۆڵی لێ تۆماردەکرێت.

٤- بەکارهێنانـــی ئامێرێک تایبەت بە دیاریکردنی شـــوێنی تۆپ و یاریزانان لە کاتی جێبەجێکردنی فاولی ڕاستەوخۆ، ئەویش بەشێوەی (کەف) بوو.

٥- بەکارهێنانـــی تەکنەلۆژیای هێڵی گۆڵ، بـــۆ دیاریکردنی گۆڵ تۆمار کردن یاخود گۆڵ نییە، ئەمەش بۆ یەکەم جار ئەم ئامێرە بەکاردێت و فەرەنسا یەکەم هەڵبژاردەیە سوود لەم تەکنەلۆجیا-یە وەردەگرێت.

٦- بەهۆی پلەی گەرما یاریزانان لە کاتی یاریکردن پشـــوویەکی کورت وەردەگرن بۆ ئاو خواردنەوە.

٧-لە یاریی ئەرژەنتین و هۆڵەندە بۆ یەکەم جارە یاری پێش کۆتایی بە بێ گۆڵ تەواو دەبێت و بە لێدانی یەکلاکەرەوەی سزا چارەنووسی یارییەکە دیاری دەکرێت.

٨-یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا کلۆزە بووە یەکەم یاری لە چوار مۆندیال بەشـــداری بکات و بگاتە چوار گۆشەی زێڕین.

٩- بۆ یەکەم جار لە مۆندیال یاریزانانی یەدەگ دەبنە هۆکار بۆ تۆمارکردنی ســـەرکەوتن بـــۆ هەڵبژاردەکەنیان، کە تیاییدا ئـــەم یاریزانانە توانیان ٣١ گۆڵ تۆمار بکەن و هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لە ڕێگەی یاریزانێکی یەدەگ بووە پاڵەوانی جیهانی ئەویش گۆتزە بوو.

١٠- بۆ یەکەم جارە دوو هەڵبژاردەی ئەفریقیا ســـەردەکەون بۆ قۆناغی ١٦ ئەویش هەردوو هەڵبژاردەی نێجیریا و جەزائیر بوو.

### چەند ئامارێك لەسەر پاڵەوان

هەڵبژاردەی ئەڵمانیا توانی بە شایســـتە ببێتە پاڵەوانی جیهان بۆ جاری چوارەم، ئەمەی خوارەوە چەند ئامارێکی تایبەتە بە هەڵبژاردەکە.

١-١٨ گۆڵی لە پاڵەوانێتیەکە تۆمار کرد.

٢- تەنیا ٤ گۆڵی لێ تۆمارکراوە.

٣- ٩٩ لێدانی ئاراستەی گۆڵ کردووە لە ٧ یاری.

٤- لە کۆی گشتی یارییەکان لە ڕێژەی (٦٠٪) کۆنترۆڵی تۆپی کردووە.

٥- لە کۆی گشتی یارییەکان لە ڕێژەی (٨٦,٢٪) پاسەکانی دروست بوو.

### بەهێزترین هێڵی هێرشبەر لە پاڵەوانێتیەکە

١- ئەڵمانیا ١٨ گۆڵ لە ٧ یاری

٢- هۆڵەندە ١٥ گۆڵ لە ٧ یاری

٣- کۆلۆمبیا ١٢ گۆڵ ٥ یاری

٤- بەرازیل ١١ گۆڵ لە ٧ یاری

٥-فەرەنسا ١٠ گۆڵ لە ٥ یاری

لاوازترین هێڵی هێرشبەر

**هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (ئێران، هیندۆراس، کامیرۆن) لاوازترین هێڵی هێرشبەر بوون تەنیا ١ گۆڵیان تۆمارکرد.**

گۆڵەکارانی پاڵەوانێتیەکە

١- جیمس ڕۆدریگیز هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا ٦ گۆڵ



٢- مۆلەر هەڵبژاردەی ئەڵمانیا ٥ گۆڵ
٣-لیۆنێل میسی ئەرژەنتین ٤ گۆڵ
٤-نیمار بەرازیل ٤ گۆڵ
٥- رۆبن ڤان پێرسی هۆڵەندە ٤ گۆڵ.

**درووستکەری گۆڵ**

١-خوارداۆ هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا ٤ گۆڵی دروستکردیە
٢- تۆنی کرۆس هەڵبژاردەی ئەڵمانیا ٣ گۆڵی دروستکردیە
٣-دانی بلیند هەڵبژاردەی هۆڵەندە ٣ گۆڵی دروستکردیە
٤- تۆماس مۆلەر هەڵبژاردەی ئەڵمانیا ٣ گۆڵی دروستکردیە

**کام خول سەرکەوتووبوو؟**

ئامارێکی یەکجـار گرنگ هەیە ئەوەیش یاریزانەکانی بەشـداربوو لە جامـی جیهانـی لە چەندیـن خولی جۆراوجـۆری ئەورووپـا و دەرەوەی ئەورووپا یاری دەکەن، ئەوەی خوارەوەش ریزبەندی خولەکانی وڵاتەکانە لە رووی یاریزانەکان زۆرترین گۆڵیان تۆمارکردووە.

١-خولی ئەڵمانیا ٣٥ گۆڵ
٢- خولی ئینگلتەرە ٣٤ گۆڵ
٣- خولی ئیسپانیا ٢٤ گۆڵ
٤- خولی ئیتاڵیا ١٣ گۆڵ
٥- خولی فەرەنسا ١٣ گۆڵ

**هەروەها ٥ یانە یاریزانەکانیان زۆرترین گۆڵیان لە جامی جیهانی تۆمارکردووە.**

١- بایرەن میونیخ ١٨ گۆڵ
٢- بەرشلۆنە ١٠ گۆڵ
٣- مانچستەر یونایتد ٩ گۆڵ
٤- چێلسی ٨ گۆڵ
٥- ریال مەدرید ٧ گۆڵ

**چەند ئامارێکی تایبەت بە گۆڵ تۆمارکردن**

١- لـەم پاڵەوانێتیە ١٧١ گـۆڵ تۆمارکراوە بە رێژەی (٢,٧ ) گـۆڵ بۆ هەر یارییەکە ئەمەش هەمان ژمارەی جامی جیهانی ١٩٩٨ لە فەرەنسایە کە زۆترین گۆڵ لە مێژووی پاڵەوانێتیەکە تۆمارکراوە.
٢-٦٢ گۆڵ بە قاچی راست تۆمارکراوە.
٣- ٧١ گۆڵ بە قاچی چەپ تۆمارکراوە.
٤-٣١ گۆڵ بەسەر تۆمارکراوە.
٥- ٢ گۆڵیش بەبەشەکانی تری لەش تۆمار کراوە.
٦- ٤ گۆڵ لە رێگەی هەڵە لە خۆیان تۆمارکراوە.
٧- ١٢ گۆڵ لە رێگەی لێدانی سزا تۆمار کراوە.
٨- ٣٥ گۆڵ لە رێگەی تۆپی جێگیر تۆمارکراوە.
٩- ١٠٨ گۆڵ لە رێگەی یاری کراوە تۆمارکراوە.
١٠-١١ گـۆڵ لـە رێگـەی هێرشـی پێچەوانـە تۆمارکراوە.

**ئەڵمانیا چەندین ژمارەی پێوانەیی شکاند**

لـەم پاڵەوانێتیە هەڵبـژاردەی ئەڵمانیا چەندین ژمارەی پێوانەیی شکاند بەمشێوەیە.

١-هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بووە یەکەمین هەڵبژاردە لەسـەر ئاسـتی جیهان، کە بۆ ٨ەمین جار یاری کۆتایی جامی جیهانی ئەنجام دەدات.

٢-میرۆسـلاف کلۆزە بووە گۆڵکاری مێژوویی جامی جیهانـی دوای ئـەوەی کۆی گۆڵەکانـی گەیاندە ١٦ گۆڵ.

٣- ئەڵمانیـا بووە خاوەنی بەهێزترین هێڵی هێرشـبەر لە مێژووی جامی جیهانـی دوای ئەوەی کۆی گۆڵەکانی گەیاندە ٢٢٤ گۆڵ.

٤- ئەڵمانیا تاکە هەڵبژاردەیە لە مێژووی جامی جیهانی گەورەترین بردنەوە لە بەرازیل تۆمار بکات کاتێك بە (٧-١) گۆڵ بردیەوە.

٥- هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بووە یەکەم هەڵبژاردە لە مێژووی پاڵەوانێتیەکە، کە لـە یاری پێش کۆتایی ٧ گۆڵ تۆمار بکات.

٦- هەڵبژاردەی ئەڵمانیا ٥ گۆڵ-ی لە ٢٩ خولەك تۆمار کرد، ئەمەش بووە خێراترین کات بۆ تۆمارکردنی زۆرترین گۆڵ لە مێـژووی جامی جیهانی ئەمەش لە یارییەکەی ئەڵمانیا و بەرازیل روویدا.

٧- تۆنـی کرۆس خێراترین دوو گۆڵـی تۆمار کرد لە مێژووی یارییەکانی پێش کۆتایی جامی جیهانی، کاتێك توانـی دوو گۆڵی یەك لە دوای یـەك لە ٦٩ چرکە لە هەڵبژاردەی بەرازیل تۆمار بکات.

٨- ئەڵمانیا یەکەم هەڵبژاردەیە لە مێژووی جامی جیهانی (١٠٦) یاری ئەنجام دەدات ئەم ژمارەیەشی لەم مۆندیالە تۆماریکرد.

**چەند زانیارییەکی تری مۆندیال**

١- هەڵبـژاردەی هۆڵەنـدە بـووە تاکە هەڵبـژاردەی پاڵەوانێتیەکە کە یاری بە هەر ٢٣ یاریزانی هەڵبژاردەکەی کرد.

٢- هەردوو کیشـوەری ئەمەریکای باکوور و باشـوور توانیان ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار بکەن، کاتێك بۆ یەکەم جار لە مێژووی جامی جیهانـی ٨ هەڵبژاردەی ئەم دوو کیشوەرە دەگاتە قۆناغی ١٦ی پاڵەوانێتیەکە.

٣- بۆ یەکەم جار لە مێژووی پاڵەوانێتیەکە ٣ راهێنەری کۆلۆمبـی راهێنـەری هەڵبژاردەکانی تر بـوون، ئەویش هەریەکە لە (خۆرخی لویس بینتۆ) راهێنەری هەڵبژاردەی (کۆسـتاریکا)، ( لویـس فرناندۆ سـوارێز) راهێنەری هەڵبژاردەی (هینـدۆراس)، (رینالدۆ ریـدا) راهێنەری هەڵبژاردەی ئیکوادۆر، ئەوەی جێگەی سەرنجە راهێنەری هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا (خۆسـێ بیکرمان) رەگەزنامەی ئەرژەنتینی هەبوو.

٤- گۆڵچی هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا مۆندراگۆن ژمارەی







پێوانەیی جیهانی شکاند کاتێك بووە گەورەترین یاریزان بەشداری لە یارییەکانی جامی جیهانی دەکات، کاتێك لە یاریی هەردوو هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا و ژاپۆن لە خولەکی ٨٤ بەشداری کرد و تەمەنی (٤٣) ساڵ و (٣) رۆژ بوو، بەمەش ژمارەی یاریزانی هەڵبژاردەی کامیرۆن رۆجیە میلا-ی شکاند، کاتێك لە جامی جیهانی ١٩٩٤ لە تەمەنی (٤٢) ساڵ و (١) مانگ و (٨) رۆژ بەشداری کردبوو.

٥- هەڵبژاردەی بەرازیل لاوازترین هێڵی بەرگری بوو ١٤ گۆڵی لێ تۆمارکرا و هەڵبژاردەی کۆستاریکا بەهێزترین هێڵی بەرگری بوو (٢) گۆڵی لێ تۆمارکرا.

**باشترینەکانی جامی جیهانی**

١- مانۆیل نوێر گۆڵچی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا باشترین گۆڵچی پاڵەوانێتیەکە.

٢- لیۆنێل میسی یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین باشترین یاریزانی پاڵەوانێتیەکە.

٣- جیمس رۆدریگیز یاریزانی هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا گۆڵکاری پاڵەوانێتیەکە ٦ گۆڵ.

٤- پۆل بۆگبا یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنسا باشترین یاریزانی لاو.

٥- هەڵبژاردەی کۆلۆمبیا خەڵاتی یاریی خاوێن-ی بردەوە.